**کارگێری چییە؟**

**چەمکی کارگێری:** ئەگەر لەپشت هەر دەسکەوتێکی شارستانی یان داهێنانێك، زانا و پسپۆر و شارەزا هەبێت، کە ژیانی خۆیان بۆ ئەو دەسکەوتە یان داهێنانە تەرخان کردووە، ئەوا لەپشت ئەو دەسکەوتەش کارگێرییەکی سەرکەوتوو هەیە کە بەهۆی ئەو کارگێرییەوە توانای زانستی و توانستی مرۆیی بە جوانترین ڕێگا و بە کەمترین تێچوو ڕۆیشتووە لەپێناو ئەنجامدانی کارێکی سەرکەوتوو بۆ مرۆڤایەتی. کارگێری لەکاتی پرۆژەیەکی خێرخوازی، یان کردنەوەی قوتابخانە یان نەخۆشخانە یان بەرێوەبردنی کۆمپانیایەك یان کارگەیەك یان دەزگایەکی ڕاگەیاندن هەر کارگێرییە و کاری بەرێوەبردن و کارگێری ئەو شوێنە دەکات، کەواتە وشەی کارگێری دەگۆڕێت بەپێی مانا و گوزارشت کردنەکەی، واتە کارگێری بەشێکە لەو کۆمەڵگایەی تییایدا دەژین، خزمەتی کۆمەڵگا دەکات و پێداویستی تاکەکانی پڕدەکاتەوە بە بەکارهێنانی دەرامەتە مادی و مرۆییە فەراهەمبووەکان. هەر بۆیە هەتا وەکو ئێستا پێناسەیەکی یەکگرتوو نییە بۆ کارگێری چونکە وشەکە زیاتر واتایی و مۆراڵە.

**نووسەر و توێژەر و پسپۆرانی بواری کارگێری چەندین پێناسەی جۆراوجۆریان سەبارەت بە چەمکی کارگێری دارشتوە، بەلاّم دیارترینی ئەو پێناسانە، کە لە ڕوانگەی زانستییەوە دەربارەی چەمکی کارگێری نووسراون ئەمانەی خوارەوەن:**

**(الزعبی وعبیدات) بەمجۆرە پێناسەی دەکەن/ بریتییە لە کرداری یەکگرتنی توانای کۆمەڵە کەسێك و گونجاندنیان و ئاراستەکردنیان بەرەو هێنانەدی ئەو ئامانجەی، کە دامەزراوەکە دەیەوێ بیهێنێتە دی.**

**کەچی (ماری بارکر فولیت) بەم جۆرە پێناسەی کارگێری دەکات:( بریتییە لە کرداری پلاندانان و ڕێکخستن و رابەرایەتی و چاودێری، کە دەرامەتە مرۆیی و ماددی و دارایی و زانیارییەکان لە چوارچێوەی ژینگەیەکی ڕێکخراودا دەگرێتە خۆی).**

**پێناسەیەکی دیکەی چەمکی کارگێری: بریتییە لە: ( پرۆسەی گونجاندن و تەواوکاری چالاکی کارکردن، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی تاکەکانەوە بتوانین بەلێهاتوویی و کارامەییەوە ئامانجەکان وەدەست بهێنن).**


**کەواتە چەمکی کارگێری پرۆسەیەکی بەردەوامە لە جۆرەها بریاری تێکچرژاو، کە پرۆسەی پلاندانان و دارشتنی ستراتیژ و ڕێکخستنی تاکەکان و ئاراستە کردنیان بەرەو گەیشتن بە ئامانج دەگرێتە خۆی.**

**زانای کارگێری (ریشارد دافت) بەم چەشنە پێناسەی چەمکی کارگێری دەکات: ( کارگێری بریتییە لە هێنانەدی ئامانجە ڕێکخراوەکان بە شێوازێك کە لێهاتوویی و کار و چالاکی بگرێتە خۆی لە ڕێگای پلان و ڕێکخستن و ئاراستە کردن و چاودێری کردنی توخمە ڕێکخراوەییەکان).**

**ئەم پێناسەیە دوو بیرۆکەی زۆر گرنگ لەخۆ دەگرێت:**

1- **هەر چوار بنەما بنچییەییەکەی کارگێری، کە بریتیین لە: پلان و ڕێکخستن و ئاراستە کردن و چاودێری.**
2- **جێبەجێکردنی ئامانجە ڕێکخراوەییەکان بە ڕێگایەك، کە جەخت لەسەر بەتوانایی و لێهاتوویی و کارامەییدا بکاتەوە.**

**دەتوانین پرۆسەی کارگێری بەم شێوەیە وێنا بکەین:**



**كارگێری لەنێوان زانست و هونەردا:**

**مشتومڕ و گفتوگۆیەكی زۆر لەنێوان توێژەر و تایبەتمەندان و پسپۆڕانی بواری كارگێری بەردەوام بوو، سەبارەت بەوەی كە ئایا كارگێری زانستە؟ یان هونەرە؟ دوای لێكدانەوەیەكی زۆر گەیشتنە ئەو هاوڕاییەی كەوا كارگێری زانستە و لەهەمان كاتیشدا هونەرە.**

**(زانستی كارگێری)/ ئەو زانستەیە كە لەو بنچینە و شێوازە هونەرییانە دەكۆڵێتەوە، كە ڕێكخستنی كار و چالاكییەكانی دامەزراوە حكومی و ئەهلییەكانیان لەسەر وەستاوە، هەروەها سەرپەرشتنی كردنیان بە مەبەستی پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری و وەدەستهێنانی بەرهەمێكی باش و سوود بەخش بۆ تاكەكان و تێكڕای كۆمەڵگا.**

زانستی كارگێری / كار دەكاتە سەر دیاریكردن و ڕێکخستنی ئامانج و سیاسەت و بنەمای دامەزراوەکان، پاشان پەیڕەوکردنی ئەو ڕێگایانەی، کە بەرەو ئەو ئامانجانە دەڕۆن، بۆیە جێبەجێکردنی هەر هەنگاوێک لە پیشە جۆراوجۆرەکاندا لە ئەستۆی لایەنی بەڕێوبردندایە، هەروەها مامەڵەکردنیش لەگەڵ کێشەکانی کارو بەتایبەتی لەناکاوەکان دەبێت لەلایەنی بەڕێوەبردنەوە ئەنجام بدرێت.

**بەڵام (هونەری كارگێری): واتە جێبەجێكردنی ئەو تیۆرە زانستیانەی كارگێری، كە لەبواری كارگێری دامەزراوەكاندا، بەشێوەیەكی وا كە بە ڕێك و پێكی كارەكان بەڕێوەبچن و دەرئەنجام دەستكەوتێكی باشیان لێبكەوێتەوە.**

**هەروەها كەسانێك هەن پێیان وایە: كارگێری بریتییە لە هونەرێك كە پشت بەتوانست و كارامەیی بەرپرس دەبەستێ لە سەركەوتنی لەبواری كارگێریدا، بەواتایەكیدیكە ئەم دەستەیە پێیانوایە كە مەرج نییە**

بەرێوەبەر بنەما و رێساو تیۆرەکانی کارگێرییان خوێندنبێ، ئینجا ئەو بەرپرسیارێتییەیان بەڵکو هەر کەسێك هونەری کارگێری تێدابێت بۆی هەیە و دەتوانێ بەکردەیی پرۆسەی کارگێری ئەنجامبدات، با لە قوتابخانە و کۆلێژ و زانکۆکانیشدا زانستی کارگێریشیان نەخوێندبێ.

دەستەیەکی دیکە بەتەواوی دژی ئەم بۆچوونەی سەرەوەن و پێیانوایە کە کارگێری زانستێکە و بنەمای تیۆری و رێسا و یاسای تایبەتی خۆی هەیە و هەر کەسێك ئەو بنەمایانەی نەخوێندبێت ناتوانێ پڕۆسەی کارگێری بەڕێوەببات و تیایدا سەرکەوتووبێت، هەر بۆیە ئەم دەستەیە مەرجگەلێکی زۆر بەسەر بەرێوەبردا دەسەپێنن و دەڵێن: هەر کەسێك ببێتە بەڕێوەبەر دەبێ زانستی کارگێری خوێندبێ ئەو کاتە دەتوانێ سەرکەوتووانە پڕۆسەی کارگێری ئەنجامبدات. گومان لەوەدانییە کە پڕۆسەی کارگێری زانست و هونەرە، واتە ئەوەی کاری کارگێری دەکات پێویستە لە پۆلەکانی قوتابخانە و زانکۆوە فێری بنەماکانی کارگێری بووبێت و پێویستە توانا و کارامەیی ئەزمونێکی باشی هەبێت. وەکو گوتمان کارگێری زانستە و هونەریشە، بۆیە پێویستە لەسەر بەڕێوەبەر پێشتر بنەماکانی کارگێری خوێندبێ، ئینجا ئەو ئەرکەی پێ بسپێردرێ و ئەویش خاوەن توانست و کارامەییەکی باش بێت، تا بتوانێت لە ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی لایەنە تیۆرییەکانی زانستی کارگێری لەبواری کردەییدا سەرکەوتووانە گرەوی خۆی بباتەوە.

## بایەخی کارگێری

گومان لەوەدانییە کە زانستی کارگێری یەکێکە لە گرنگترین زانستەکانی سەردەم کە بەشداری لە هێنانەدی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەکات لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی کارگێری  کە لە شیکار کردنی ئامانجی پرۆژە پیشەسازی و بازرگانی و کۆمەڵایەتییەکاندا

**دەیبینێت. بایەخی کارگێریش هەمیشە لەگەڵ ئالۆزتر بوونی ئەرکەکانیدا زیاتر دەبێت. زێدەڕۆییش نییە گەر بڵێین ئەو ئەرکانە لە هەلومەرجی ئێستادا لە هەموو کاتێك ئالۆزتر بوون، لەبەر ئەوەی ئەو دەرامەتانەی لەبەر دەستدان کەمن و پێداویستییەکانیان یەکجار زۆرن، بۆیە ئەو هاوکێشە گرانە دەکەوێتە ئەستۆی کارگێری و پێویستە لەسەری کە بەو دەرامەتە کەمەوە، ئەو هەموو پێداویستی و داخوازییە بێشومارە تێر بکات. ئاشکراشە کە بەپێی کارگێرییەکی لێهاتوو ئەو دەرامەتانە هەر بە کەمی دەمێننەوە و ناگۆڕدرێن بۆ بەرهەمێك کە پێداویستییەکانی کۆمەڵگا تێربکات.**

### کارگێری لە دامەزراوە راگەیاندنەکان:

- Frederick taylor- دەڵێت: **کارگێری بریتییە لە فەلسەفەی شێوازی بیرکردنەوە کە رەنگدانەوەی بەدیاردەکەوێت لەسەر رەفتاری کارگێرەکان لە ژیانی پیشەیی و گشتییاندا. واتە کارگێری ئەوەیە، کە بەوردی بزانیت چیت دەوێت، دواتر دڵنیابوونە لەو کارەی تۆ دەتەوێت بە دیبهێنیت بە باشترین رێگا و کەمترین تێچوون.**
- **بەسادەترین شێوە دەتوانین بڵێین کارگێری: بریتییە لە پرۆسەی ئاراستەکردنی توانا مرۆییەکان بۆ جێبەجێکردنی چەند ئامانجێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکدا بە بەرزترین ئاست و لێهاتوویی** (كفاءة).

### پەیکەری سیستەمی کارگێری لە دامەزراوە راگەیاندنەکاندا

**پەیکەری سیستەمی کارگێری لە دامەزراوە راگەیاندنەکاندا، ئاماژەیە بۆ بونیادێکی رێکخستنی گشتی و شێوازێکی دابەشکراوی کەرت کەرت (بەش بەش) ئاستی دابەشکردنەکەشی بەشێوەیەکی ستوونییە،**

**دەتوانین بڵێین پەیکەری ڕێکخستنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن قەوارە و پێکهاتەیەکی تەواوە و لە چەندین بەش پێکدێت، کە پەیوەندی ئاڵوگۆڕکردنیان لەنێواندا هەیە بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکی و ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی کە لە کۆتاییدا دەبنە مایەی بەرهەمهێنانی دامەزراوەکە و جێبەجێکردنی کار و ئامانجەکانی. ئەم پەیکەرەش یەکێکە لە زۆرترین شێوازە ناسراو و بەربڵاوەکان، کە لەگەڵ پەیکەری ڕێکخستنی دەزگا ڕۆژنامەوانییەکاندا بگونجێ. بەوەی کە ئازادی کارکردنی زیاتر لەناو کارگێری بەشە جیاوازەکاندا فەراهەم دەکات، سەرەرای چاودێریکردنیش، چونکە بەشەکان لەلایەن سەرۆکی جێبەجێ کردنەوە ڕاستەوخۆ لەبەردەم کارگێریدا بەرپرسیارن، لە هەمان کاتیشدا خاوەنی بەرپرسیارێتی و دەسەڵاتی تەواون لەناو ئەو چوارچێوەیەی کە هەر یەکێکیان بەرپرسیارێتی دەکەن.**

**گومان لەوەدانییە، کە هۆکارگەلێکی کاریگەر هەن لە هەڵبژاردنی پەیکەری ڕێکخستنی دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکیتر و لە ڕۆژنامەیەکیش پەیکەرێکی ڕێکخستنی وا هەڵدەبژێرێ کە لەگەڵ سروشت و هەلومەرجە تایبەتییەکەیدا بگونجێت، لەوانەیە پەیکەرێکی ڕێکخستنی بۆ ڕۆژنامەیەکی دیکە نەگونجێ یان بۆ گوڤارێکی هەفتانە، بەڵکو ڕەنگە هەمان شێوە لە ڕۆژنامەیەکی بەیانییانەوە نەگونجێ بۆ ڕۆژنامەیەکی ئێواران، یان لەگۆڤارێکی گشتییەوە بۆ گۆڤارێکی تایبەت، هەمان شت ڕۆژنامەی حزبی یان هەرێمایەتی، یاخود سەربەخۆ دەگرێتەوە. لەوانەیە جاری وا هەبێ ئەو کارگێرییە سەرەکییانەی، کە لە دەزگا ڕۆژنامەوانییە گەورەکان بەتایبەتی نەتەوایەتییەکاندا هەیە، لە کارگێرییەکانی دەزگایەکی ڕۆژنامەوانی دیکەدا هاوشێوە نەبن. وەکو کارگێری چاپخانە و کارگێری دابەشکردن.**

**بۆ نموونە کارگێرییە سەرەکییەکانی دەزگا ڕۆژنامەوانییە نەتەوایەتییەکان زۆرجار ئەمانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:**

1- **کارگێری نووسین.**

2- **کارگێری ڕێکلام.**

3- **کارگێری چاپخانە.**

4- **کارگێری دابەشکردن.**

**لەگەڵ چەندین کارگێری یاریدەدەریتر وەکو:**

1-**بەڕێوەبەری کاروباری کارگێری.**

2-**کارگێری دارایی.**

3-**کۆگا و شت کڕین.**

4-**ئامار و بەدواداچوون.**

5-**کارگێری کاروباری کرێکاران.**

**ڕێسا و بنەماکانی کارگێری لە دامەزراوە ڕاگەیاندنەکاندا**

**ئەم بەشە بریتییە لە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا و ڕێنمایی، کە دەبنە بنچینە بۆ هەڵبژاردن و پشت بەستن لە کاتی بڕیارداندا، ئەم کۆمەڵە یاسا و ڕێسایانە ئەو پێودانگانەن، کە پێویستییە کارگێرییەکان لەبواری کارگێری ڕۆژنامەگەریدا دەیانگرێتەبەر.**

- **ڕێوشوێن و چالاکییەکان:** **هەردوو توخمی ڕێوشوێن و چالاکییەکان لەبواری سیستەمی کارگێری لە دامەزراوە ڕاگەیاندنەکاندا بایەخێکی تایبەتی هەیە، شێوازی گشتی توانا و بەخششی ئەو سیستەمە بەپێی چالاکی و ڕێوشوێنی سادەیی و گونجاندنی لەڕووی تێچوونی کات و توانستی مرۆیی و دارایی بە بەراورد**

لەگەڵ داهاتیدا دەگرێتەوە. گەر سەرنج بدەینە کاری ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی و کاری ڕۆژنامەگەریش بەتایبەتی دەبینین بوونی کارگێرییەکی هاوچەرخ و سەرکەوتوو مەرجە بۆ ئاوێتەکردن و تواندنەوەی سەرجەم چالاکییەکانی کاری ڕۆژنامەگەری، کە بریتییە لە کۆمەڵێك چالاکی لە بۆنەیەکی دیاریکراودا، لەسەرمایەوە بۆ نووسین و لە دەرهێنانەوە بۆ چاپکردن و لە دابەشکردنیشەوە بۆ ڕێکلام، بەجۆرێك دەرئەنجام دەزگایەکی ڕاگەیاندنی سەرکەوتوومان دەست دەکەوێت.

- **راگەیاندنکار:** لەبەر ڕۆشنایی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاریدا و بەهۆی ئەو تەکنەلۆژیایەوە هێزی مرۆیی لە دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا ڕۆڵی تازە و بەرچاوی دەبێت، چونکە شێواز و ئامرازی تازە داهێنراو بەکاردەهێنرێت و پەیوەندی و یەکتر بینینیان زیاتر دەبێت و زانیاری زیاتریان دەست دەکەوێت، هەروەها مەشق پێکردن و ڕاهێنان و ئامادەکردنی کادیری مرۆیی لە دامەزراوەکانی ڕۆژنامەگەریدا بایەخێکی تایبەتی دەبێت بۆ بەدەستهێنانی کارامەیی و لێهاتوویی تەواو پێویست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیای زانیاریدا. **لێرەدا دەتوانین چەند تێبینییەك لەمەر کاریگەری تەکنەلۆژیای زانیاری لەسەر کارگێری لایەنە مرۆیی و دەزگا ڕۆژنامەگەرییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینەڕوو:**

1- پێویستە چالاکییەکانی مەشق و ڕاهێنان و بونیادنانی پەیکەری ڕێکخستن لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان بگونجێندرێت لەگەڵ تەکنەلۆژیای زانیاری و سوودیشی لێوەربگیرێت.

2- تەکنەلۆژیای نوێی بەکارهێنراو لەبواری کاری ڕاگەیاندن و کارگێریدا شێوازی نوێی ڕێکخستنی هێزە مرۆییەکان لەشێوەی دەستەی کارکردن دەسەپێنێ، کە بەشێوەیەکی ڕێکو پێك لەبواری کارەکەی خۆیاندا مەشقیان پێدەکرێت و فێردەکرێن، بۆ نموونە هەر وەکو مەشق پێکردنی تیپێکی پێشەنگی ئاسمانی و فێرکردنیان لەسەر چۆنیەتی دابەزین لەسەر ڕووی مانگ.

3- دووبارە دارشتنەوەو نەخشەکێشانی ئەرکە کارگێرییەکان لەدەزگا راگەیاندنەکاندا لەبەر رۆشنایی تەکنەلۆژیای زانیاری، چونکە رۆژبەرۆژ بایەخی ئەو ئەرکانە لە زیاد بووندا دەبێت.

4- رابەرە کارگێرییە بالأکان لە دەزگا راگەیاندنەکاندا وا لەسەریان پێویست دەکات، کە ئاگایان لە هەموو بەش و کارەکانیان بێت و مرۆڤە بەتوانا و لێهاتووەکان لە دەست نەدەن.

- **<u>ئاستی تەکنەلۆژیای سیستەمەکە:</u>** مەبەست لە ئاستی تەکنەلۆژیای سیستەمە کارگێرییەکە لە دامەزراوە راگەیاندنەکاندا: ئەوەیە کە تا چ ئاستێك شێواز و رێگای کارگێری زانستی هاوچەرخ بەکاردەهێنرێت، وەکو شێوازی هاوکێشەی هێڵکاری و پلاندانان و شێوازی توێژینەوەی بازارکاری و هەڵبژاردنی زانستییانەی کەسەکان و پلاندانان بۆ هێزی کار و دەگاتە دوا شێوازی پەرەسەندوو لەو بوارەدا.

## <u>سوودی کارگێری بۆ دامو دەزگاکانی راگەیاندن</u>

هیچ دامودەزگایەك بەبێ ئیدارەیەکی سەرکەوتوو ناتوانێت بە ئامانجەکانی بگات، لەو روانگەیەوە دەتوانین ئاماژە بە گرنگترین سوودەکانی کارگێری بکەین بۆ دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن :.

1/ دانانی پلانێکی ستراتیژی بۆ دامو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دیاریکردنی گرنگترین ئەو ئامانجانەی کە پێویستە جێ بە جێ بکرێن و هەروەها ئەو گرفتانەی کە پێویستە سەرچاوەیان بۆ دابنرێت.

2/ ڕێکخستنی کارو ئەرك و چالاکی سەرجەم بەشەکان و دیاریکردنی ئەرك و مافی کارمەندان و هەروەها ڕێکخستنی زانستی پەیکەری خودی دامودەزگاکان.

3/ ئاراستەکردنی چۆنێتی کارکردنی سەرجەم بەشەکان و جێ بەجێکردنی هەنگاو بە هەنگاوی ئەرکەکان.

4/ چاودێریکردنی ووردی دامودەزگاکان و دەستنیشانکردنی خاڵە لاواز و بەهێزەکان و هەوڵدان بۆ کارکردنی هەرچی باشتر.

5/ هەوڵدانی بەردەوام بۆ بەرەو پێشبردنی دامو دەزگاکان لەرووی ئەداو ئەرك و فەرمانەکانیان و هەروەها چۆنێتی و چەندێتی ئەو ئەرك و مافانە.

6/ دەرکردنی بڕیاری گونجاو لەکات و شوێنی گونجاو دیاریکردنی چاکترین ئەلتەرناتیف ( بەدیل) هەروەها بڕیاری خێرا لە دۆزە تایبەتیەکاندا.

7/ توانای رووبەروو بونەوەی گۆرانکارییەکان و ئاراستەکردنی پەیامی ڕاگەیاندن لەکاتی ئەزمە و رووداوەکاندا .

**<u>دابەشکردنی دەزگاکانی راگەیاندن: دەتوانین سروشتی دەزگا راگەیاندنەکان بەم شێوەیە دابەش بکەین:</u>**

1-دەزگا رۆژنامەوانییەکان

2-ئێزگەکان

3-تەلەفزیۆنەکان

4- کەناڵە ئاسمانییەکان

5-ئاژانسە هەواڵییەکان

6-بلاْ وکراوەکان

**7- کۆمپانیاکانی رێکلامکردن**

**8-سۆشیاڵ میدیا**

**بەسەرنجدان لە کاری هەر یەك لەو دەزگا راگەیاندنانە بۆمان دەردەکەوێت کەوا کارگێری لە هەر یەکێك لەو دەزگایانە بەهەمان نەفەس و هەمان رێچکە کاری خۆی دەکات. لەوانەش: ( رێژەی بەرهەم، کریار، بینەر، بەکارهێنەر، بەبازارکردن، پارەدار کردن... ) تەنانەت ئەگەر سروشتی کارکردنی دەزگاکانیش جیاواز بێت بەلاَم کارگێری هەمان ریتمی کارکردنی هەیە، بە تێروانین لە سروشتی کاری راگەیاندن بۆمان دەردەکەوێت، کە ئامانجی دەزگاکانی راگەیاندن پێویستی بە کارامەیی و زانستی کارگێری زیاتر هەیە. بۆ نموونە ناتوانرێ چارەسەری گرفتی دەزگایەکی راگەیاندن بکەی بەوەی کە لە بریاردان نەرم بێت و لە جێبەجێکردنی خێرا بیت بتەوێ بەخێرایی چارەسەری گرفتی نێو دەزگاکەت بکەی. یان کارگێری ناتوانێت بێت تەداخولی بەشی تەکنیك یان نووسین بکات. چونکە هەر بەشە و تایبەتمەندی و سروشتی کارکردنی جیاوازی خۆی هەیە. هەربۆیەش ئەو گرفتانەی کە رووبەرووی بەرێوەبەری ئێزگە یان تیڤی دەبێتەوە وەك گرفتی دروست کردنی کێلگە یان کارگە یان پیشەسازی و کەرتی تایبەت نییە. بەڵکو پێویستی بە نەرم و نیانی و خێرایی هەیە، کە ئەوەش ئەرکێکە لەسەر شانی بەرێوەبەری دەزگای راگەیاندن و دەبێت لە ئەستۆی بگرێت. وە مەرج نییە بەرێوەبەری کارگێری دەزگای راگەیاندن تەنها پشت بە کتێبی کارگێری و بواری زانستی ببەستێت بەڵکو بەپێی جۆری دەزگا و چۆنیەتی کارکردن و کاتی دەوام و ژمارەی کارمەند و سیاسەتی دەزگای راگەیاندن و جۆری کارگێری دەزگاکە و بریاری تایبەتمەند دیاردەکرێت. هەر دەزگایەکیش ئامانجی گەیشتنە بە ئامانجێکی دیاریکراو. ئەگەرچی جیاوازیش بێت سروشتی کارکردنی دەزگاکە بەلاَم هەر**

**مەبەستیەتی بگاتە ئامانجێکی دیاریکراو، جگە لەوەش ئامانجی دەزگاکانی راگەیاندن بە گشتی بلاْوکردنەوەی هەواڵ و ئاراستەکردن و کات بەسەر بردنە. ئەمەش رەنگە لە دەزگایەك بۆ دەزگایەکی دیکە جیاواز بێت بەگوێرەی سیاسەت و ئەدای دەزگاکە.**

**سەرەڕای جیاوازی شێوەی دەزگاکانی راگەیاندن بەلاْم دەبینین هەموویان لەسەر ئەم رەگەزە بنەرەتیانەوە کۆکن: ئەمانەش:**

1- **ئامانجی دەزگاکە**

2- **کارمەندانی دەزگا**

3- **پارەدار کردن**

4- **هەبوونی بارەگا و شوێنی کارکردن و کەرەستەکانی ناو دەزگا راگەیاندنەکان**

5- **چالاکی دەزگا راگەیاندنەکان**

6- **پەیوەندیکردن**

7- **کارگێری**

**ئامانج / مەبەست لە ئامانجی دەزگا ئەو دەرنجامانەیە، کە دەزگاکە دەیەوێت بەدەستی بێنێت. بە هەوڵی کارمەندەکانی و تواناکانی بۆ نموونە:**

**1-دەزگای راگەیاندن دەتوانێت حکومەت ناچار بکات بۆ ئەنجامدانی خزمەتگوزاری. کەرتی فێر کردن. تەندروستی، وەبەرهێنان، دابین کردنی خۆشگوزەرانی، ئارامی، ...هتد.**

**بەپێچەوانەشەوە ڕاگەیاندن دەتوانێت جەماوەر هانبدات بۆ چوونە سەرشەقام و پاراستنی خاکی نیشتمان بۆ نموونە: ئەگەر مەترسی داگیرکاری یان هەرەشە یان تۆپباران کردن هەبێت لەسەر وولآت.**

2-**بۆ فێرکردنی جەماوەر بەوەی کە داوای بەرنامەی کۆمەلأیەتی و خزمەتگوزاری کۆمەلأیەتی و فێرکردن و رۆشنبیری و هۆشیاری تەندروستی بکەن لە دەزگاکانی راگەیاندن بە واتای ئەوەی ئەرکی دەزگا راگەیاندنەکانە ئەو بەرنامە و خزمەتگوزاریانە پێشکەشی جەماوەر یان بینەر یان خوێنەری خۆی بکات.**

3-**دەزگا راگەیاندنەکان ئامانجیان ئەوە بێت کە خزمەتگوزاری ماف و ئەرك و خزمەتگوزاری زانین و مەعریفە و کارامەیی کار فێری جەماوەر بکەن.**

4-**بۆ گۆڕینی رەفتار بژێوی و ژیانیان لەچینی خوارەوەیە. واتە هەژار و دواکەوتوون.**

5- **کات بەسەربردن و خۆشگوزەرانی.**

<u>**دەتوانین بلێین ئەو پێنج ئامانجە سەرەکییانە دەسکەوتی دەزگا راگەیاندنەکانە بۆ بەرژەوەندی کۆمەلگا وە لە راستیدا ئەو ئامانجانە دەتوانین دابەشی سەر دوو بەش بکەین: لەوانەش:**</u>

1-**ئامانجی ستراتیژی درێژ مەودا/ ئەو ئامانجانەیە کەوا ناتوانرێت بەدەست بهێنرێت بەشێوەی خێرا وەك ئامانجی گۆرینی رەفتار یان ئامانجی فێرکردن ناتوانرێت لەرێگەی بەرنامەیەکی ئێزگەی یان بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی یان بلأوکردنەوەی رۆژنامە بەدەست بهێنرێت. بەلکو پێویستی بەکاتی زیاترەو درێژ مەودایەو کاتی زۆرتری دەوێت.**

2-**ئامانجی تەکتیکی کورت مەودا/** بریتییە لە نەخشەدانان بۆ جێبەجی کردنی ئامانجێکی داواکراو لەماوەی نێوان یەك هەفتە بۆ سێ ساڵ.

**ئەرکە بنچینەییەکانی بەڕێوەبەری کارگێری دەزگاکانی ڕاگەیاندن:**

**دەتوانین ئەرکە بنچینەییەکانی کارگێری دەزگا ڕۆژنامەگەرییەکان لە چەند خاڵێکدا پوخت بکەینەوە لەوانە:**

**1–سەرپەرشتی کارگێری چەندین بەش دەکات: کارگێری ژمێریاری، کارگێری دابەشکردن و هاوبەشیکردن، کارگێری ڕێکلام، کارگێری چاپخانە، کارگێری گشتی...هتد. هەروەها هەموو لایەنە هونەرییەکانی دیکە لەڕووی داراییەوە، وا باوە کە هەر بەشێك بەڕێوەبەرێکی تایبەتمەند و بەڕێوەبەرێکی گشتی دەزگاکەی هەبێت، کە سەرپەرشتی سەرجەم بەڕێوەبەری بەشەکان بکات.**

**2-لە ڕێکوپێکی و سەرکەوتنی کاری بەڕێوەبەری نووسین لەڕووی کارگێرییەوە دەکۆڵێتەوە.**

**3-ڕێگا لە بەڕێوەبەری نووسین دەگرێت لە بازرگانی کردن بە هەواڵەوە، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە ناوبانگی دەزگاکە.**

**4-هاوکێشەیەکی گونجاو لەنێوان داهات و خەرجیدا رادەگرێت و کار بۆ ئەوە دەکات کە زێدە دەسکەوت بۆ خاوەنی دەزگا میدیاییەکە بەدەستبێنێت.**

**5-کێشەی نێوان کارگێری نووسین و کارگێری ڕێکلام بەجوانی رادەگرێت، ئەگەر هات و تووشی کێشەیەك بوون لەنێوان خۆیاندا.**

**6-دانوستان لەسەر واژووکردنی گرێبەستی تایبەت دەکات بۆ کڕینی کاغەز و ئامێری چاپ و چالاکییەکانی چاپکردن و پەیوەندی بەچاپخانەوە. هەروەها زۆربەی کات سەرپەرشتی چالاکی کڕینی کەلوپەل و پێداویستییەکان دەکات.**

**7-کاتی کارکردنی سەرجەم بەشەکانی دەزگاکە ڕێکدەخات و چاودێری جێبەجێکردنی سیستەم و بڕیارەکانی خۆی دەکات و پێویستە لەسەری وەکو پێشەنگ خۆی دەربخات و ڕێز لە کات و کارکردن بگرێت و بەر لەکاتی دیاریکراوی خۆی بگاتە دەزگاکەی.**

**8-پێویستە هەموو بەیانییەك ئەو نامانە بکاتەوە، کە گەیشتوونەتە ڕۆژنامەکە و دەم ودەست خۆی یان هاوکارەکانی وەڵامی گونجاویان بدەنەوەو هەرگیز کاری ئەمڕۆ نەخاتە سبەی.**

**9-ڕۆژانە ڕاپۆرتی بەشە جیاجیاکان بپشکنێ و بەتایبەتی ڕاپۆرتی بەشی ڕێکلام و ڕێنمایی و ئامۆژگاری پێویستیان بداتێ.**

**10-سەردانی ژووری پیتچنین و چاپخانە و تێکرای بەشەکانیدیکە بکات، تا خۆی لەوە دڵنیا بێت کەوا کاری سەرجەم بەشەکان بەرێکوپێکی بەڕێوەدەچن و دەتوانێت ئەو کارەی لەرێگای پەیوەندیکردن بە تەلەفۆن و بڵندگۆ و ئامێری قسەکردنی دیکەوە ئەنجامبدات، بەمەش کات و توانایەکی زیاتر و زۆرتر بەدەست دێنێت.**

## دابەشکردنی پرۆسەی بەڕێوەبردن (تقسیم العملیة الاداریة)




**کەواتە پلاندانان ئەو کردارە کارگێرییەیە" کە پێش هەموو کردارە کارگێرییەکانیتر دەکەوێت و چوارچێوەی دیاریدەکات، هەروەها قەبارە و سروشتی ئەو تاکانە دەستنیشاندەکات، کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی.**

**پلاندانان و بریاردان** Planning & Decision Making

- پرۆسەیەکی سەرەکییە لە پرۆسەکانی بەڕێوەبردن، کاری (ڕێکخستن، ئاراستەکردن، چاودێریکردن) دەگرێتەوە.
- هەندێك لە پسپۆرانی بەڕێوەبردن و کارگێری: (هەماهەنگی، هەڵبژاردن، جێبەجێکردن)یشی بۆ زیاد دەکەن

## ڕێکخستن Organizing

- ڕێکخستن: بەسادەیی بریتییە لە کۆکردنەوەی دەرامەتە فەراهەمبوووەکان بە باشترین شێوە لەگەڵ دەستنیشانکردنی ئەو چالاکییانەی، کە پێویستن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان و هەروەها دابەشکردنی بەسەر تاکەکاندا بەپێی تواناکانیان.

**کەواتە ڕێکخستن درێژە پێدەری پرۆسەی پلاندانانە، یان دەتوانین بڵێین ئامانج لە ڕێکخستن دەستنیشانکردن و وەسفکردنی ئەو چالاکییە پێویستانەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان. واتە بریتییە لەدابەشکردنی پسپۆڕی و دەسەڵاتەکان و بەدواداچوونی ئەو دابەشکردنە و شیکردنەوەی بە مەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانکاری گونجاو تیایاندا.**

## سەرکردایەتی و ئاراستەکردن Leadership & Directing

- ئەم بەشە لەپرۆسەی کارگێڕیدا بریتییە لە ئاراستەکردنی کارمەندەکان و سەرپەرشتی کردنیان، بەتێگەیشتنی سروشت و پێداویستییەکانیان و باشترکردنی پەیوەندییەکان و بەرزکردنەوەی ڕادەی لێك گەیشتن و هاندانیان.

**بەشێوەکی گشتی ئاراستەکردن سێ پاڵنەری سەرەکی هەیە:**

- هاندان Motivation: ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە ئەنجامدانی کارەکان چونکە پاڵنەری دەرونی ڕەنگدانەوەی دەبێت لە بەئەنجام گەیاندنی کارەکان لەبەرئەوەی:

  ئەدا = توانا(القدرة) × خولیا (الرغبة)

- سەرکردایەتی Leadership: بریتییە لە چوونە ژێرباری ئاراستەکردن و هاندان.
- پەیوەندیکردن Communication: پرۆسەی کارگێڕی بریتییە لە بەجێگەیاندنی کارەکان لەڕێگەی کەسانیترەوە.

## بەدواداچوون و چاودێری: Controlling

بریتییە لە پرۆسەی سەرپەرشتی کردن و دڵنیابوون لە کرداری پلاندانان و ڕێکخستن ئاراستەکردن بۆ دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێزەکان و مانەوە لەسەریان، هەروەها دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان و لادان لێیان، بۆیە دەتوانین بڵێین بەدواداچوون بەشێوەکی تایبەتی گرنگی بەهەماهەنگی دەدات.

چاودێریکردن سێ شێوازی هەیە:

1) چاودێری پێشوو Input Controlling

2) چاودێری ئێستا Processing Controlling

3) چاودێری داهاتوو Output Controlling

## هەڵسەنگاندن Evaluation

بریتییە لەپێوانەکردنی دەرئەنجامە دەستکەوتووەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئایا چون یەکە لەگەڵ پێوەرەکان. واتە هەڵسەنگاندنی کارە جێبەجێکراوەکان لەماوەی جیاجیادا، بەجۆرێك بتوانرێت گۆڕانکاری لە پلاندانانەکە بکرێت.

**سەرکردایەتی لە دامەزراوە میدیاییەکاندا:**

سەرکردەی بەرێوەبەر یان بەرێوەبەری سەرکردە ئایا هاوواتان؟ لەکاروچالاکی کاری بەرێوەبردن؟

ئایا کاری بەرێوەبەر تا چەند دەتوانێت کاریگەری دابنێت لەسەر سەرکردایەتی؟ ئایا سەرکردایەتی هاوبەشە لە چالاکییەکانی بەڕێوەبردن؟

هەندی بەرێوەبەر کاری سەرکردە ناکەن و هەندی سەرکردەش کاری بەرێوەبەری ناکەن" دەتوانین بلێین هەموو سەرکردەیەك بەڕێوەبەرە " بەڵام هەموو بەرێوەبەرێك سەرکردە نییە.

بەڕێوەبەری چالاك بەباشی كارەكەی ئەنجام دەدات" سەركردەی چالاك هەوڵی كاری باش دەدات" سەركردە خاوەنی بینین و داهێنان و روانینی تایبەتە" بەڕێوەبەر بریتییە لە سەرپەرشتی كردنی كارێك یا فەرمانێك بەڵام سەركردایەتی بریتییە لە هێز و توانا و ووزە" بۆ سەرپەرشتی ئیش و رێبەری كردنی كارمەندەكان" سەركردە كەسێكە كەوا رۆڵێكی ستراتیژی و توانای دەركردنی بریاری گەورەی هەیە لە دامەزراوەكە یان سنووری دەسەلاتەكەی" بەڵام بەڕێوەبەر دەسەڵاتەكەی دیاری كراوە و كەسیكە ڕۆڵی هەیە لە گوێگرتن لە رەخنە و بەرپرسیارە لە چارەسەركردنی و یارمەتیدەرە لە دەستەبەركردنی ئامانجی دامەزراوە میدیاییەكە.

سەركردایەتی كارێكە لەلایەن كەسیكی چالاك ئەنجامدەدریت" وە كاریگەری لەسەر دەوروبەر دەبێت" بۆ بەدەستهینانی ئامانجیك كە خۆیان مەبەستیانە. یان دەتوانین بلیین توانایەكی لەرادە بەدەرە وا لە پەیرەوكەرانی دەكات" كە بەویستی كەسەكە هەلسوكەوت و مامەلە بكەن. لەم روانگەیەوە كاریگەری و بنەمای جیاكردنەوەی سەرچاوەی دەسەلاتی سەركردە لەسەر سێ كۆڵگەی سەرەكی وەستاوە:

1-دەسەلات ( authority): لەلایەنی یاسایی بڕی ئەو مافەیە كە سەركردە هەیەتی بۆ دەركردنی بریار و فەرمان و حەق و راستی كارەكانی" وە لایەنی یاسایی" شەرعییەت دەداتە ئەو دەسەڵاتە" سەركردە كە ئازاد دەكات لە مامەڵە كردن و سەركردایەتی كردن لەناو گروپەكە.
2-هێز ( power ): ئەو هێزەیە كە سەركردە هەیەتی و دەبێتە بنەمای دەركردنی بڕیار و فەرمان" كە بەهۆیەوە كەسانی دەوروبەری گوێرایەڵی دەكەن" ئەو كاتە هێزەكە دەبێتە هێزێك كە دەتوانرێ بە فەرمی و یاسایی ناوبنرێ (هێزی راستەقینە). بنەمایەكی بەهێزی سەركردایەتی كردن" بریتییە لەوەی سەركردە تا چەند دەتوانێت سوود لەو هێزە وەربگرێت و بەكاریبهێنیت.
3-توانا ( ability ) تواناو بنەما و فاكتەرێكی گرنگە لەدروستكردنی بڕیار و دەركردنی فەرمان. چەند فاكتەرێكی ناراستەوخۆ هەیە بۆ زیادكردنی توانا" لێرەدا باسی دەكەین:

- بەفەرمی بوونی دەسەلات (خاوەندارێتی راستەقینە) یان دەسەلاتی شەرعی.

- توانای دەسەڵاتدار بۆ بەدەست هێنانی پشتگیری لەلایەن ئەو کەسانەی کە لەژێر بریار کاریگەری ئەودان" ئەوەش پەیوەستە بە بری هاوکاری و دۆستایەتی و نزیکی لەو کەسانەیە" لەپێناو بەدەست هێنانی ئەو ئامانجەی کە کۆیان دەکاتەوە.
- توانای خاوەن دەسەڵات لەبەرهەڵستی کردن لەو فشارو کاریگەرییە نەرێنیانەی کە دێنە پێشی" جا ئەو فشارانە لە ناوەخۆبن یان دەرەکی بن" توانای کاردانەوەی سەرکردە دیاری دەکەن لەرووبەروو بوونەوە و دانانی چارەسەری گونجاو. کاتێك" کارتێکردن بریتی دەبێت لە هەولێك بۆ راگرتن یان گۆڕینی رەفتاری ئەوانی دیکە" کارلێکردنەکە دەسپێك سەرجەم کارمەندان و هاوکارانی سەرکردە دەگرێتە خۆو پاشان گشت ئاستەکانی دیکە یان دامەزراوەکان دەگرێتەوە" ئەو کارتێکردنەش مەرج نییە لە حالەتێکی ئیجابی یان سلبی بێت، زۆرجار گۆڕینی رەفتار دەبێتە هۆی زیادبوونی چالاکییەکانی دامەزراوەکە یاخود پێچەوانەکەشی کۆتایی هێنانی ئەو چالاکییانەیە.

**کارلێکردن بەم شێوەیە یاخود ریگایانە ئەنجامدەدرێت:**

1- راوێژکردن.

2- قەناعەتکردنێکی عاقلانە.

3- جوڵاندنی سۆز (عاتیفە).

4- هونەری رازیبوون" دروستبوونی هاورێیەتی.

5- هونەر و هەماهەنگیکردن.

6- بەکارهێنانی فشار.

7- هانا بردن بۆ ئاستەکانی سەروو بەمەبەستی یارمەتیدان و گۆڕانکاری.

8- ئاڵوگۆری کەڵك وەرگرتن و سوود گەیاندن (چاکە بەچاکە).

هێز// وەك پێشوو باسمان کرد هێز بریتییە لەپێدانی توانای دەرکردنی بڕیار و فەرمان لەسەر کارلێکردنە جۆراوجۆرەکان کەوا لە کارمەندان دەکات ئەو ئەرکەی لەسەر شانیانە بە دروستی ئەنجامی بدەن.

## جۆرەکانی هێز:

1- ئەو هێزە پەیوەستە بە پلە و پایە و پۆست بەکارهێنان. نموونە: هێزی سزا و پاداشت" هێزی یاسا و ڕێنماییەکان.

2- هێزی پەیوەست بە کەسایەتی بەڕێوەبەر وەك ( ئەزموون" هێز و توانا هونەرییەکان" هێزی مەرجەعییەت یان کاریزمایی کەسەکە).

لە بەکارهێنانی هێزدا پێویستە سەرکردە زۆر بە باشی سروشتی کارمەندەکانی یان هاوکارەکانی بزانێت" گوێگر بێت" حیساب بۆ بیر و بۆچوونیان بکات" هاوکارییان بکات" ئیش و کار و فەرمانەکانی زۆر بە باشی بۆیان ڕوون بکاتەوە" کارێکیان پێنەسپێرێت کە لەگەڵ توانای ئەوان نەگونجێ" پێویستە کارمەندان هەست بەوە بکەن کەوا بیرۆکەی سەرکردەکەیان گونجاوە لەگەڵ بیرو بۆچوونیان و درك بەوە بکەن ئەگەر هاتوو ئەو ئەرکانە ئەنجامبدرێ" ئەبێتە هۆی خزمەت کرد بە بەرژەوەندی گشتی یاخود دامەزراوە فەرمییەکە.

مەرج نییە چەمکی (سەرکردە) و چەمکی (بەڕێوبەر) وەك یەکبن، سەرکردایەتی لەدامەزراوەکاندا زۆر پێویستە بۆ بەڕێوەچوونی کارەکان و سەرکەوتنی، بەلاَم بەڕێوەبەر خۆی دەبینێتەوە لەچەندین چالاکی جۆراوجۆردا وەك: داهێنان و پلاندانان و ڕێکخستن و هاندان و پەیوەندیکردن و چاودێری و هەروەها ئاراستەکردن و سەرکردایەتی کردن. کەواتە لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە لەچوارچێوەی هەر دامەزراوەیەکدا دووجۆر سەرکردایەتی هەیە:

- سەرکردایەتی فەرمی
- سەرکردایەتی نافەرمی

**ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر بونیادنانی کەسێتی سەرکردە:**

**1-کەسێتی: سەرکردایەتی کردن و سەرکردە بوون ئەو توانا و ئیرادەیەیە، کە مرۆڤ بۆ دەستخستنی ئامانج و مەبەستێك دەخاتەرێ، هەروەها سەرکردایەتی کردن خواست و تێروانینێکە کە باوەر بەخۆبوون و دڵنیایی دەبەخشێتە دڵی مرۆڤەکان.**

**2-جازبییە و هێزی راکێشان: لەبری ئەوەی کە مرۆڤەکان لەبارەی تۆوە باش و بەشێوەیەکی پۆزەتیف بیربکەنەوە، دەبێت سەرکردە وا بکات، کە ئەوانەی ژێر دەستی لەبارەی خۆیانەوە باش بیربکەنەوە و هەستێکی باشیان هەبێت.**

**3-ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بە سروشتی دامەزراوەکە و رێکخستنی: وەك شێوازی بەرهەمهێنان و بودجە، دابەشکردنی کار، دەستنیشانکردنی ئەرك، پەیکەربەندی دامەزراوەکە.**

**4-هەڵویست لەچارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان: ئەو هەڵوێستانەی کەسی سەرکردە نیشانی ئەدات بەپێی سروشتی کێشە و گرفتەکان.**

**5-ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستن بە ژینگەی دامەزراوەکە وەك: بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و یاسایی ...هتد.**

**<u>ڕەگەزەکانی سەرکردایەتی لە دامەزراوە راطةياندنةكاندا:</u>**

زۆربەی کات ڕەگەزەکانی سەرکردایەتی کردن لە دامەزراوە راطةياندنةكاندا بەتایبەت لە وڵاتانی پاشکەوتوو تایبەتمەندی سیاسی هەیە، واتە لە هێڵی سیاسی دەوڵەت لانادات. **بۆیە هەتاوەکو ڕەگەزەکانی سەرکردایەتی کردن بونیادنراوبێت لەسەر بنەمای سیاسی بەهەمان ئەندازە دەست**

**تێوەردەرەکانی حکومەت زیاتر دەبێت لەمجۆرە دامەزراوانە.** سەرکەوتنی دامەزراوە **ڕاگەیاندنەکانیش** بەندە بەشێوازی ڕێکخستنی کارگێری و وردی لە ڕێکخستن و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان بەشە کارگێڕییەکان و بەشە هونەرییەکاندا، کە ئەمەش دەبێتە پاڵنەرو یارمەتیدەر لە بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانی بەشێوەیەکی باشتر لەو دامەزراوەیەدا. **ئەم دەسەڵاتانەش لە دامەزراوەیەکەوە بۆ دامەزراوەیەکی دیکە جیاوازە بە لەبەر چاوگرتنی توانای ماددی و تەکنیکی و سروشتی ئەو سیستەمە ڕۆژنامەوانییەی پەیرەوی دەکەن. دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی چالاکییەکانی دەزگا ڕاگەیاندنەکان بەم شێوەیە پۆلێن بکەین:**

1) چالاکی ڕۆژنامەوانی: **ئەوانەی کە نووسەر و ڕۆژنامەنووس و پەیامنێر و دیزاینەرەکان پێی هەڵدەستن.**
2) چالاکی پیشەسازی: **کە خۆی دەبینێتەوە لە کارکردن بە ئامێرو تەکنیکی هونەری کە ئەندازیارو کارمەندی تەکنیککار پێی هەڵدەستن.**
3) چالاکی بەبازاڕکردن: **مەبەست لێی فرۆشتنی رووبەرە ریکلامییەکان و دابەشکردنی رۆژنامە و گۆڤارەکانە، کە ئەمەش پسپۆرانی بواری بەبازارکردن و پەیوەندییە گشتییەکان پێی هەڵدەستن.**
4) چالاکی دارایی و کارگێڕی: **کە ئەوەش ژمێریارەکان و کارگێرەکان پێی هەڵدەستن.**

**<u>زۆرێك لەپسپۆرانی کارگێری کۆکن لەسەر ئەوەی سەرکردە پێویستی بە سێ بنەمای سەرەکی هەیە.</u>**

- **کارامەییە هونەریەکان(** المهارات الفنية**): پێویستە بۆ دامەزراوە بیستراو و بینراوەکان چونکە دەبێت سەرکردە لەم دامەزراوانەدا ئاشنا بێت بە ( بەرهەمهێنانی میدیایی، بەرنامە، دروستکردنی هەواڵ...هتد).**

**- كارامەییە مرۆییەكان** (المهارات الانسانية) **دەبێت سەركردە توانای مرۆیی بەهێز بێت لەپەیوەندی كردن لەگەڵ مرۆڤەكانیتر تاوەكو بتوانێت كۆیان بكاتەوە لەچوارچێوەی ئامانجی دامەزراوەكە.**

**ـ كارامەییە هزرییەكان** (المهارات الفكرية)**: دەبێت سەركردە توانای تێگەیشتنی واقیعی سیاسی و كۆمەلأیەتی بەهێز و پتەو بێت چونكە دواجار هەر ئەو سروشتە كۆمەلأیەتی و سیاسییەیە رەنگدانەوەی دەێت لەسەر بەرهەمهێنانی میدیایی.**

## تیۆرەكانی سەركردایەتی:

لەبارەی سەركردایەتی كردنەوە پسپۆرانی بواری كارگێری چەندین تیۆری جیاوازیان خستوتەڕوو دیارترینیان :

### 1- تیۆری تایبەتمەندی (نظرية المزايا أو السمات) :

**چالاكییەكانی سەركردە لە سیماو تایبەتمەندی كەسێتی سەركردەكەوە سەرچاوە دەگرێت. واتە بەپێی ئەم تیۆرە سەركردەی لێهاتوو ئەوەیە كە زۆرترین تایبەتمەندی باش لە كەسێتیدا هەبێت وەك: متمانە بوون بە خوود و بروابوون بە بەهاكان، توانای باوەرپێهێنان و كاریگەری، نەبوونی كەسێتی شەرەنگێزی، چاودێری خوودی، سەربەخۆیی، رۆحی هاورێیەتی، ئاراستەی ئایینی، گەشبینی ...هتد.**

**ئەم تیۆرە لەلای بەشێك لە پسپۆرانی كارگێری رەخنەی لێگیرا بەوەی:**

**أ- رێكنەكەوتنی توێژەرانی بواری سەركردایەتی كارگێری لەسەر ژمارەی ئەو تایبەتمەندییانەی كە دەبێت لە كەسێتی سەركردەكەدا هەبێت.**

**ب- ئاستەمی هەبوونی ئەو هەموو تایبەتمەندییە لە کەسێتی کەسێکدا.**

**ج- ئاستەمی پێوانەکردنی سیماو تایبەتمەندییە کەسییەکان، لەبەر زۆری ژمارەی تایبەتمەندییەکان و ڕێکنەکەوتنی توێژەران لەسەر شێوازێکی دیایکراو بۆ پێوانەکردنیتایبەتمەندییە کەسییەکان.**

### 2-**تیۆری ئاکار (نظرية السلوك أو الموقف):**

**بەپێی ئەم تیۆرە سەرکردە بەپێی ئەو ڕەفتارو ئاکارانەی دەیانکات لێهاتوویی دەردەکەوێت نەك بە کەسێتی، واتە ئەم تیۆرییە بەدوای ئەو شتە دروستانەدا دەگەڕێت کە سەرکردە ئەنجامیان دەدات. بۆ نموونە چۆن پەیوەندی دەبەستێت؟ چۆن ئاراستەکان دیاریدەکات؟ چۆن هاندان دەکات؟ چۆن دانوستان دەکات؟ چۆن پلان دادەڕێژێت؟ چۆن گروپەکان بەرێوەدەبات؟**

**بەهای ئەم تیۆرە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە سەرکردەکان لەدایك نابن و هەڵگری خەسڵەتی سەرکردایەتی بن بەڵکو بە مەشق و ڕاهێنان دەبن بەسەرکردە، هەروەها ئەم تیۆرییە بوو بە بنەمایەك بۆ پۆلێنکردنی شێوازەکانی ئاکاری سەرکردایەتی کردنی سەرکەوتوو** ( تصنيف أنماط سلوك القيادة الناجحة ).

**ئەم تیۆرەش ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەوە چونکە:**

**أ-کەسێتی بەهەند وەرنەگرتووە وەك بنەمایەك بۆ سەرکردایەتی.**

**ب-ڕێکنەکەوتنی توێژەان لەسەر شێوازەکانی ئاکاری سەرکردایەتی کردن.**

**3-تیۆری کارلێککردن ( النظرية التفاعلية).**

**پێکهاتەی ئەم تیۆرە بریتییە لە کۆکردنەوەی هەردوو بنەماکانی تیۆری تایبەتمەندی و تیۆری ئاکار. بەپێی ئەم تیۆرییە سەرکردەی سەرکەوتوو ئەوەیە کە بتوانێت کارلێککردن دروست بکات، هەروەها تەواوکاری پێکبهێنێت لەگەڵ تاکەکان. ئەمەش کاتێك بەدی دەهێنرێت کە سەرکردە ئاشنا بێت بە گرفت و پێداویستی تاکەکان.**

**واتە بەپێی ئەم تیۆرە سەرکردایەتی بریتییە لە پرۆسەی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی کە تایبەتمەندییەکانی لەسێ رەهەندی جیاوازەوە دیاری دەکرێت:**

**أ- تایبەتمەندی کەسێتی سەرکردە.**

**ب- رەگەزە ئاکارییەکان و هەڵوێستەکانی سەرکردە.**

**ج- پێداویستی تاکەکان و تایبەتمەندییەکانی.**

4 **-تیۆری** دەسەڵاتداری (التسلطية أو الأوتوقراطية Autocratic Leadership ) **لەم جۆرە تیۆرەدا مافی بریاردان تەنها بۆ سەرکردەیە، واتە سەرکردە هەموو جۆرە چالاکی و رێو شوێنەکان دیاریدەکات بەبێ ئەوەی راوێژ بەهیچ چین و توێژێك بکات. واتا** سەرکردە خۆی باڵا دەستە لە دەرکردنی بریارەکان" وە سەرپەرشتیاری کارەکان و گۆڕانکارییەکان دەکات، لە سیاسەت کردن" واتە تاك رەوانەیە و دوورە لە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارەکانی"، ئەوەش دەبێتە هۆی نزم بوونەوەی روحی برایەتی و لاوازی و پچر پچر بوونی پەیوەندی نێوانیان و هەروەها دەبێتە هۆی دروست بوونی دیاردەی

شەڕانگێزی لە شوێنی کار و کاریگەری دەبێت لەسەر کەم بوونەوەی هاندان و ڕێطری لة بەرەو پێشچوون لە کارەکان دەکات.

**5-تیۆری سەرکردایەتی بەبێ ئاراستە:**سەرکردایەتی نائاراستەکراو(القیادة غیر الموجهةUnguided Leadership) **لەمجۆرە مۆدێلەدا سەرکردە دەسەڵاتی بریاردان دەداتە دەست تاکەکان** (مرؤسین)**، بۆیە لەم مۆدێلەدا سەرکردە تەنها بەرپرسە لەپێدانی زانیاری پێویست لەبارەی بابەتە داوا کراوەکانەوە، واتە پێویست نییە لەسەر سەرکردە، کە پێشنیاز راسپاردە پێشکەش بکات، یاخود هەڵسەنگاندن بکات بۆ ئەو کارانەی، کە کارمەندەکان پێی هەڵدەستن.** ئەم شێوە سەرکردایەتییە لە ڕێکخراوە زانستییە پسپۆرییەکاندا ئەنجام دەدرێت" لە شوێنی کاردا یەك سەرکردە نییە بە تەنها هەر ئەندامێك لەو ڕێکخراوەدا سەرکردەیە و وەك سەرکردەیەك کاری خۆی ئەنجام دەدات. پێویستی بە ئاراستە کردن نییە و کەس دەست ناخاتە کارەکانی یەکتری" خۆیان لە کارەکانی یەکتر هەڵناقورتێنن" ئەم شێوە ڕێگایە زۆر سەرکەوتووە.

**6-تیۆری سەرکردایەتی دیموکراتی:** (نظرية القيادة الديموقراطية أو المشاركة Democratic Leadership) **لەمجۆرە تیۆرەدا سەرکردە بریارەکان لە دەرئەنجامی کۆبونەوەو گفتوگۆ و بیرکردنەوەی هاوبەشەوە دەدات،** لە دیموکراتیەت هاندان و هاوکاریکردن لەنێوان کەسەکاندا بوونی هەیە لە دارشتن و دەرکردنی بڕیارەکان بەکۆی دەنگ، گشت کەسەکان هاوبەش دەبن لە قۆناغەکانی دەرکردنی بریارەکان و بواری پیشکەوتن و هاندان لە زیاد کردنی توانا و هێز دەرەخسێنێت لە نێوان کەس و دامەزراوەکان.

**7-تیۆری پیاوی مەزن:** ئەم شێوازەی تیۆرە" بریتی بووە لە بەردی بناغەی بیرۆکەی کارگێری سەبارەت بە باسی سەرکردایەتی و جەخت لەسەر شیتەڵکردنەوەی کەسایەتییە سەربازییەکان و سیاسییەکان دەکات" وە رایان وایە کە سەرکردە کەسێکی مەزن و هاوشێوەی نییە، واتە خاوەن توانا و بەهرەیەکی بێ هاوتایە، کە ئەویش لەلایەن خواوەندەوە پێی بەخشراوە سەرکردە ئەو کەسەیە،

کە دەبێت خۆیانی لەپێناو بەخت بکەن و ماکەچی بڕیار و ویست و خواستەکانی بن، چونکە کەسێکە خاوەن کاریزمایەکی بەهێزە" لە رابردوو و ئیستاشدا کەسانی زۆر هەن" لەبواری سەربازی و سیاسی بونیان هەیە" وە هەروەها لەبواری سەرکەوتنی ڕێکخراوەکاندا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن" ئەم جۆرە سەرکردایەتییە مەرج نی یە لە ئاسمان بۆ وەچەکانیان بێتە خوارەوە یان ئەم خەسڵەتانە بدرێَ بە کەسانێك و هەندێ کەسی دیکە لێی بێبەش بکرێن، بەڵکو هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە ببێت بە سەرکردە و خۆیان پێش بخەن بە خوێندن و سوود وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی ژیان و گەڕان بەدوای دەسکەوت و زانیاری پێویست.

8- **تیۆری خاوەن خەسڵەتەکان:** ئەم تیۆرە دوای تیۆری پیاوی مەزن دێت لەچوارچێوەی لاسایی کردنەوەی سەرکردەکان و ئەو خەسڵەتانەی تایبەتن بە کەسی سەرکردە" وەك زیرەکی " گروتین" بوێری" هتد... بڕوا پێکراو و هەندێك خەسڵەتی دیکە.

9- **تیۆری تۆری کارگێری**: ئەم تیۆرە شێوەی سەرکردایەتی بەدوو ئاراستەی،ە کە ئەویش بریتییە لە کەسەکان و بەرهەمەکان. وا پێویست دەکات یارمەتیدەری کەسەکان بیت" پەیوەندیت باش بیت لەگەڵیان" وە رێز لە هەستیان بگرێت و هەست بە پێداویستییەکانیان بکەیت.

بەلام سەبارەت بە بەرهەم واتە دارشتنی پلان و دەستنیشانکردنی ئیش و ئەرك و لێثرسراوێتی و دانانی پێوەری چاودێریکردن.

10- **تیۆرە هەلوێستییەکان:** ئەو تیۆریانەی رابردوو ئەوەمان نیشان دەدەن، کە گۆڕانکارییەکان لە توانایان دا هەیە دەستنیشانی جۆری سەرکردایەتی بکەن" لەنموونەی رۆشنبیری دامەزراوەکە یان فەلسەفەکەی یان سروشتی ژینگەکەی کە کاری تێدادەکات واتە شێوەیەکی دیاریکراو لە رەفتاردا نییە. کە لە هەموو کات و ساتێك چالاك بێت" واتە گۆڕانکارییەکان لەشوێن و هەڵوێستەکان کاریگەری راستەوخۆیان دەبێت لەسەر شیوەی بەرێوەبردن و جۆری سەرکردایەتی" بۆ نموونە کارگێری باڵا و ویست و خواستیان" ئەزموونی سەرکردە و کەسایەتییەکەی" کارگێرەکان و پسپۆرییان و هەڵسوکەوتیان، سروشتی ئیش و پێداویستییەکانیانی ستراتیژیەتی رێکخراوەکە.

11- **تیۆری فرۆم:** ئەم تیۆرە بنیات نراوە، بۆ دەرکردنی بریارێك بۆ چارەسەرکردنی کێشە لەسەر یارمەتیدانی سەرکردەکە، کە چاکترین رەفتار هەلبژێریت، بە هاوکاری کارمەندەکانی، کە دیاری دەکرێن بۆ یارمەتیدانی. سەرکردە یان خۆی بریار دەدات یان راوێژ بە دەوروبەری ئەکات بۆ دەرکردنی بڕیار یان بە کۆمەڵ بڕیارێك دەردەکەن بەهاوکاری یەکتری.

12- **تیۆری رەفتار:** هەردوو توێژەر (تانبوم) لەگەڵ (شمیدت) نەخشەیەکیان پێشکەش کرد، تیایدا چەند رەفتارێکی سەرکردەیان دەست نیشان کرد، لەسەر بنەمای هەبوونی کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی ئەوانەی کە ئیشیان لە گەڵدا دەکەن، سەرەڕای رەفتارەکانی خۆی وەك بەڕێوەبەر یان سەرکردە. بەپێی ئەم کۆمەڵە تیۆرانە سەرکردایەتی بریتییە لە دیاردەیەکی رەفتاری یاخود سلوکی کە پابەندە بەو ڕۆڵەی کە دەیبینێت لە کۆمەڵگە، لەجیاتی جەخت کردنەوە لە خەسڵەتەکان، زیاتر پشت دەبەستێت بە دیراسەتکردنی رەفتارو کارەکان، سەبارەت بەو جۆرەیان چەند دیراساتێك هەیە لە رابردوو کاری پێکراوە وەك:

**توێژینەوەی میشیگان:** چەندان توێژینەوە لە زانکۆی میشیگان لە چلەکانی سەدەی رابردوو کاری لەسەر کراوە، کە زۆرێك چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرێوەبەر و ژێر دەستەکانیان کردووە، لە ئەنجامی ئەم چاوپێکەوتنەدا دوو جۆر رەفتاریان بۆ دەرکەوت: **یەکەمیان: جەخت لەسەر کار دەکات و دووەمیان: جەخت لەسەر ئیش کەرەکان واتە ئەوانەی ئیشیان پێسپێردراوە،** لەدواجار بۆیان دەرکەوت، کە رەفتاری ئەو سەرکردەیەی، کە جەخت دەکاتە سەر کەسەکان بەشێوەیەکی گشتی زۆر چالاك ترە لەوەی دیکەیان.

**توێژینەوەی ئۆهایۆ:** لەرووی کاتەوە زۆر نزیکە لە توێژینەوەی میشیگان، بەم پێیە توێژەکان رایان وابووە دوو جۆر رەفتار کار لەسەر کردەکانیان دەکات، **یەکەمیان:** بایەخدان بە هەیکەلی ئیش و شێوەی ئەنجامدان، واتە رێکخستنی ئیش و کارەکان و ئەنجامدانیان.

**بەڵام جۆری دووەم:** ناونراوە بە بایەخدان بە هەست و نەستی کارگێران وە هەڵسوڕاوانی ئیش و جەخت دەکاتەوە لەسەر باوەڕ پێهێنان و پەیوەندی هاوڕێیەتی گەرم و گوڕ لەگەڵ ژێر دەستەکانیان.

**13- تیۆری کارلێککردن:** لەچوارچێوەی ئەم تیۆرەدا دەردەکەوێت، کە سەرکردایەتی بریتییە لە کارلێك کردن یان کارتێکردن و ئاڵوگۆڕ لەنێوان ئەو **سێ کوچکەی کە بریتییە لەسەرکردە و ئەوانەی کە هاوکار و پشتیوانینە لە سروشتی هەڵوێستەکە وخەسڵەتی هەڵوێستەکە یاخود ژینگەی هەڵوێستەکە.**

14- **تیۆری ڕێژەی خواست:** ئەم تیۆرە رۆبرت هاوس داینا ووتی چاکترین سەرکردە ئەو کەسەیە، کە بتوانێت وێنەیەك یان نەخشەیەکی ئیش کردن بۆ کارمەندان بکێشێت بۆ ئەوەی لەسەری بڕۆن تا بگەنە خواست و ویستی ڕێکخراوێك.

**کارگێری کات:** بریتییە لە کارگێرییەکی دروست و کارای دەرامەت و کادیرە مرۆییەکان و رەهەندی باڵاو پێویست بۆ پیشکەوتن و باڵابوونی گشتی بۆ هەر یەکێك لە ستافی دەزگاکە.

**گرنگی کارگێری کات:** لەخودی بایەخی کاتەوە هەنگاو هەڵدەهێنێت" لەبەر ئەوەی یەکێکە لەو دەرامەتە بنەرەتییانەی" کە پێویستە وەبەربهێنرێت و بەباشترین شێوەو رێگا سوودی لێوەربگیرێت. بۆیە هەندێك بەڕێوەبەر لەژێر بیروباوەڕێکدا کار دەکەن، کە کاتی تەواویان نییە بۆ ئەنجامدانی هەموو شتێك" دواتر پەنا دەبەنە بەر کارکردن بەشێوەی خێراتر" بەڵام لە زۆر کاری خێرا کێشەی لێدەکەوێتەوە" بەمەش بەڕێوەبەر دەکەوێتە هەڵەوە.

لێرەوە گرنگی کات و پێویستی دانانی چارەسەری ریشەیی و یەکلاییکەرەوەی گرفتی کارگێری کات لای بەڕێوەبەرەکان و لەبەرچاوگرتنی بایەخەکەی دەردەکەوێت" چونکە ئەو کارانەی کە بەڕیوەبەرەکان لەمیانی کاتەکانیان ئەنجامی دەدەن گرنگ نین" بەڵکو گرنگ بەدەستهێنانی دەرئەنجامانن لەو کاتانەدا. کات لە دامەزراوەکانی راگەیاندندا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت" چونکە سروشتی کارکردن تیایدا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەخێرایی و سووربوون لە نوێکاری هەواڵ و زانیاری دەبەستێت. هەروەها بەڕێوەبەردنی کات لە ڕێوشوێنە گرنگەکان لە دامەزراوەیەکی تەلەفزیۆن، لەبەر ئەوەی مامەڵە لەگەڵ کاتدا دەکات، چونکە زۆرێك لەو رێکخراوانەی رووداوانەی

کە تەلەفزیۆن بایەخیان پێدەدات، پێشتر ئامادەسازییان بۆ نەکراوە، کارکردن لە تەلەفزیۆن پشت بە پێشینەیی رۆژنامە نووسی و راکردن بەدوای رووداوە لەناکاوەکان، یان ئەوانەی پێشتر رێکخراون دەبەستێت.

**کارگێری داهێنان:** بایەخی داهێنان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامرازێکە بۆ پەرەسەندن و نوێبوونەوەی داهێنانی رێگا و چارەسەری نوێی گرفتەکان بەشێوەیەکی داهێنەرانە و دابینکردنی کات و توانا و تێچوون" دەرئەنجامی داهێنانیش دەربڕی ئەو شارستانییەتەیە، کە مرۆڤایەتی پێیگەیشتووە، چونکە ئەگەر داهێنان و داهێنکاری نەبێت، ئەوا ژیان بە شێوە سەرەتاییەکەی دەمێنێتەوە. کاری راگەیاندن بە داهێنان دەناسرێتەوە، رۆژنامەنووسی داهێنەریش ئەوەیە، کە کارەکەی داهێنەرانە بێت. ئەگەر نا کارەکەی دەبێتە کارێکی ئاسایی. هەر بۆیەش کرداری داهێنانی رۆژنامەنووسی، کە چەندین لایەنی جیاوازی چالاکی رۆژنامەنووسی لەخۆ دەگرێت، مەرجێکی پێویستە بۆ دۆزینەوەو خوڵقاندن و داهێنانی بەرهەمی رۆژنامەنووسی و مەرجە زانستییەکانی داهێنانی رۆژنامەوانی لەسەر پیادە دەبێت. بەرهەمی داهێنەرانەی رۆژنامەنووسی دەستکەوت و دەرئەنجامی ئەو کارلێکە دینامیکییەی نێوان هۆکارە پیشەیی و رێکخراوەییەکانی نێوان پاڵنەر و هەڵسوکەوتی داهینەرانەی رۆژنامەنووسی داهێنەرە، هەر بۆیەش داهێنانی رۆژنامەنووسی ڕووبەڕووی ئەو واقیعە بابەتییە دەبێتەوە، کە تیایدا گۆڕانکاری تاکە راستی جێگیر پێکدەهێنێت. تەنانەت داهێنانی رۆژنامەنووسی چاودێری ئەو گۆڕانکارییە دەکات و لە گەڵیدا هاوشان دەبێت و وەریشی دەگرێت و لەڕێگەی هونەرێکی رۆژنامەنووسی داهێنەرانەوە بۆ جەماوەری بە ئامانجکراو دەگوازێتەوە.

**کارگێری بەرهەمهێنان:**

بەرهەمهێنان ئەرکێکی بنەڕەتی دەزگاکانە وەك: ( ئەرکێکی دارایی، بە بازارگەڕی، بەڕێوەبردنی تاکەکان). چونکە بە گرنگترین وەزیفەی ڕێکخراو دادەنرێت و وەزیفەی ناوەندی لە ڕێکخراودا پێکدەهێنێت" چونکە ڕاستەوخۆ بایەخ دەدات، بە بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەزگاکە، ئەو ڕۆڵەی لە ئێستادا کۆمپوتەر لەبواری بەرهەمهێنانی رۆژنامەوانیدا دەیگێرێت لەبەرچاوە، چونکە دەکرێ بوترێت کە لە زۆربەی قۆناغەانیدا چۆتە ناو کرداری بەرهەمهێنانەوە.

هەر بۆیەش لەنێو ئامرازەکانی راگەیاندن هەواڵساز و نووسەرەکان لە بنەرەتدا پشت بە ئامادەکردنی بابەتەکانی نووسین بۆ سەر شاشەکان دەبەستێت، کە لە قۆناغەکانی ئامادەکردنی بابەتێکی رۆژنامەنووسیدا ڕێگای کاغەز و بڕین و پێوەلکاندنیان لە قۆناغی مۆنتاژکردن لەناو هۆڵی بەرهەمهێنانی رۆژنامەنووسیدا بگرێتەوە.

وەکو زانراویشە کە بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی بەرهەمی کارێکی تاکە کەسی نییە، بەڵکو کارێکی بە کۆمەڵە و تیپێکی تەواوی بەرهەمهێنان لە خۆ دەگرێت، کە پێویستی بە زانینی هەر ئەندامێك هەیە بە کارەکەی خۆی، کە ئەوەش خۆی لە زانینی باشی کردارەکان و ئامێرەکانی بەرهەمهێناندا دەبینێتەوە.

بەرهەمهێنانی ئێزگەیی و تەلەفزیۆنی بریتین لە (فیلم، بەرنامە، بەرنامەی راستەوخۆ، بەرنامەی تۆمارکراو، بڵاوکراوە تەلەفزیۆنی و ئێزگەییەکان، هەڵمەتەکانی راگەیاندن، بەرنامەکان بەگشت جۆرەکانییەوە، دۆبلاژکردنی بەرنامە، دۆبلاژکردنی بابەتە بیستراو و بینراوەکان، بەکرێدانی ستۆدیۆ، بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی بەرنامە گفتوگۆییەکان، بەکرێدانی یەکەکانی مۆنتاژکردنی تەلەفزیۆنی و مونتاژی بێ هێڵ).

**کارگێری دارایی:**

کارگێری دارایی بەشێکە لە ئەرکە گشتگیرەکانی دەزگاکانی راگەیاندن، ئەم ئەرکە بەندە بە کارە داراییە جیاجیاکان و بەرپرسیارە لە هەڵسو کەوتە داراییەکان کەوا پێویست بە وەرگرتن و گلدانەوەی دارایی و پیادەکردنی بازرگانییەوە هەیە. بۆیە بایەخی کارگێری دارایی لە گرنگی دارایی و ساماندارى دەزگاکەوە دێت، بەو پێیەی گرنگترین ئەرکی دامەزراوەکە ئەنجامدەدات، چونکە زۆربەی پسپۆرانی بواری کارگێری دامەزراوەکانی راگەیاندن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە شکستهێنانی هەندێك دامەزراوە بەهۆی بێ توانایی کارگێری دارایی بووە. سەرمایە و پارە ستوونی بنەرەتی و تەواوکاری چالاکی مرۆییە لە هەر دەزگایەکدا. هەر بۆیە تەواوی دەزگاکانی راگەیاندن ئەگەر پارتێك یان رێکخراوێك یان سەرمایەدارێك تەمویلی نەکات، جگە لەلایەنی رێکلام ئەو دەزگایە ناتوانێت دەست بە پەخش و بڵاوکردنەوە بکات، بۆیە چەند هۆکارێك هەن بۆ ئەوەی لایەنی دارایی دەزگاکەی پێ پربکرێتەوە. وەکو کرداری چاپکردن، کە بە یەکێك لە کۆڵەکە مادییەکانی دامەزراوەی رۆژنامەنووسی دادەنرێت، ئەوەش لایەنی پیشەسازی رۆژنامەیە و دەرچوونی رۆژنامەکەشی لەسەر وەستاوە. یاخود پاڵپشتی حکومی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن، کە بەشێوەی دەرماڵەی نەختینەیی لەبودجەی گشتی دەوڵەت وەردەگیرێت. ناکرێ ئەوەش لەیاد بکەین، کە دامەزراوە رۆژنامەنووسییەکان و خانەی وەشاندنە تایبەتییەکان لە راستیدا ئامانجی بازرگانییان هەیە و ئەوانیش دەتوانن تێچووی دەزگاکانیان بە فرۆشتن و بەشداریکردن و بڵاوکراوەکان، یان بە پشتگیری ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتەوە پڕ بکەنەوە.

**کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان:**

لەپشت هەر دەزگایەکی سەرکەوتوو، کارگێرییەکی سەرکەوتووی دەرامەتە مرۆییەکان هەیە، هەر بۆیەش گرنگی زیاتر بە درکپێکردنی بایەخ و ڕۆڵی کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان لەسەردەمی هاوچەرخدا دەستپێکرد و لە ئەنجامی گۆڕانکارییە خیراکانی ژینگەی دامەزراوەکاندا چەندین رەهەندی وەرگرت.

**سەرهەڵدان و پێشکەوتنی کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان:**

مێژوویی کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی دوو سەدە بۆ سەردەمی شۆرش یاخود گەشەی پیشەسازی، لەم کاتەدا بیرکراوەتەوە لە گرنگی ڕەگەزی مرۆیی. کۆمپانیا و رێکخراوە پیشەسازییەکان دەستیان کرد، بە دروست کردنی کارگێری تایبەت بە کارمەندان، کە لە کاروبارەکانیان دەکۆڵێتەوەو گرنگی بە کاروبارەکانیان دەدات. ئەم کارگێڕیانە بە چەندین ناو ناودەبران لەوانە:( کارگێری کاروباری کرێکاران، کارگێری کاروباری فەرمانبەران، کارگێڕی تاکەکان...هتد.)

بەجیاوازی سەیرکردن لە ڕەگەزی مرۆیی لەلایەن بیردۆز و قوتابخانە کارگێرییەکان لەم ساڵانەدا بەڵام ئەم جیاوازیانە رێگرنەبوونە لە پێشکەوتنێکی هاوکات لە گرنگی دان بە ڕەگەزی مرۆیی تاکو چەمکی کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان سەری هەڵدا لە سەرەتاکانی ساڵانی ٦٠ لەسەدەی بیستەم، ئەم چەمکە سەری هەڵدا وەکو خاڵێکی سەرەتا بۆ سەرهەڵدانی قوتابخانەی سەرچاوەیی مرۆیی، و لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کارگێرییەی کەوا گرنگی بە کارمەندان دەدا لەژێر ناوی (کارگێری تاکەکان) مایەوە تاوەکو ساڵی ١٩٨٠، لەم ساڵەدا ناوی (کارگێری تاکەکان) گۆڕا بۆ (کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان) وە ئەم گۆڕانکاریەش تەنها ناوەکەی نەبوو بەڵکو ناوەڕۆکەکەشی گرتەوە چونکە ڕۆڵی کارگێڕی تاکەکان سنوردار کرابوو، لە جێبەجێ کردنی سیاسەتی سەرچاوەی مرۆیی. ئەوەی کەوا کارگێری باڵا دایدەنا لە ڕێکخراوەکان، بەڵام ڕۆڵی کارگێری سەرچاوەی مرۆیی گەیشتە هەردوو بواری پلان دانان و جێبەجێ کردن.

لەهەمان کاتدا کارگێری سەرچاوەی مرۆیی ستراتیژییەتی پلان دانان و جێبەجێ کردنی تایبەت بەخۆی وەرگرت لەم رێگایەدا هەوڵی بەدەست هێنانی ستراتیژییەتی سەرەکی رێکخراوەکە دەدات. وە بەرێوبەری کارگێری سەرچاوەی مرۆیی نەک بوو بە یەکێک لە ئەندامەکان بەڵکو بووە یەکێک لە ئەندامە کاریگەرەکانی کارگێری باڵا ئەوانەی کەوا وێنای سیاسەتەکان دەکەن و بریاری ستراتیژی دەردەکەن لە رێکخراوەکەدا، وە تاکی کرێکار لە بەرێوەبردنی سەرچاوەی مرۆیی لە پسپۆرەکان بوون کە پسپۆریان هەبوو لە توێژینەوەی تایبەت و شارەزاییان لەبواری کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان بەدەست هێنا وە ئەم گۆرانکاریەش کەوا لە رۆڵی نێوان کارگێری تاکەکان و کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان ڕوویدا کارگێریەکی گەورەی دروست کرد لە ئاراستەکردنی کۆمەڵێک زانکۆی گەورەی ئەوکات بۆ گۆرینی ناوی کارگێری تاکەکان بۆ کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان.

**بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان:**

بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان گرنگییەکی زۆری هەیە، سەرچاوە مرۆییەکان لە دەزگا راگەیاندنەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ کارمەندەکان، کە کاریگەرن لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنان و بەرزکردنەوەی بەرهەم، هەروەها ڕۆڵێکی هەیە لە چارەسەرکردنی کێشەی کارمەندان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکان لە دەزگاکاندا. لە هەمانکاتدا پەرەپێدان بە توانای کارمەندانەکان، دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان کارمەندان و دۆزینەوەی کەسی شیاو لە کات و شوێن و جۆرییەتی بۆ شوێنی شیاو، پێدانی ماف و رێسا و یاساکان ... ئەمانە و چەندین گرنگی دیکەی سەرچاوە مرۆییەکان.

**کارگێری سەرچاوەی مرۆیی گرنگییەکی زۆری هەیە لە دەزگا راگەیاندنەکاندا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانە:**

**1-** کارمەندانی دەزگا راگەیاندنەکان پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە سەرچاوە مرۆییەکانەوە، کە یەکێکە لە گرنگترین پێکهاتەکانی بەرهەمهێنان و هەروەها هۆکاری داهێنان و پێشکەوتن و تازەگەری و بنیاتنانن لەناو دەزگا راگەیاندنەکان.

٢ –سەرچاوە مرۆییەکان وەک لایەنێکی گرنگ و ڕاستەوخۆ کاریگەریان هەیە لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی کارمەندانی دەزگا راگەیاندنەکان.

٣ –گەورەبوونی قەبارەی دەزگاکانی راگەیاندن، واتە زیادبوونی ژمارەی کارمەندەکان، گومانی تێدا نیە هەرچەند ژمارەی تاکەکان زیاد بکات، لەگەڵیدا کێشە و گرفتی تاکەکانیش ڕوو لە زیاد بوون دەکات، جا لەبەر ئەوە دەزگاکان پێویستیان بە کارگێرییەکی پسپۆڕ هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتی تاکەکان و بەدەمەوەچوونیان.

٤ –بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری تاکەکان لە دەزگاکانی راگەیاندن، واتە زیاد بوونی حەزو ئارەزوو و هیواو ئاواتیان بۆ باشترکردنی بارودۆخ و گوزەرانی ناو دەزگاکانی راگەیاندن، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا، کە ئەمەش وایکرد دەزگاکان گرنگییەکی زیاتر بدەن بە کارگێریی سەرچاوەی مرۆیی، چونکە هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوە لە هەڵسوکەوتی کارمەندەکان و دارشتنی بنەما و سیاسەتی گونجاو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.

٥–کارگێری سەرچاوەی مرۆیی گرنگییەکی زیاتری پێدرا لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندن، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەوا گرنگی بە کاروباری کارمەندەکان دەدات، و پسپۆڕە لەو بوارەدا، جا بۆیە وەک نوێنەری دەزگا هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنوسان بەمەبەستی زیاتر لێکتێگەیشتن و هەماهەنگی کردن لەگەڵیاندا لەپێناو بەدەست

هێنانی مافی رۆژنامەنووسەکان و دوورخستنەوەی دەزگا لە سزادان، لەکاتی هەبوونی گرفتی پیشەیی.

٦ –پەرەپێدان و پتەوکردنی پەیوەندییە مرۆییەکان لەنێوان کارمەندان و بەڕێوبەرەکانیان، لەگەڵ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە نێوانیاندا ڕوودەدات، تاوەکو بەیەکەوە بتوانن وەک یەک تیم کاربکەن لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی دەزگا راگەیاندنەکان.

**7-** یەکێک لە گرنگترین ئەو ئەرکانەی، کە کارگێری سەرچاوەی مرۆیی پێی هەڵدەستێت: بریتییە لە بنەمای (دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو)، کە هۆکاری مانەوەو بەردەوامبوونی دەزگایەکەیە.

٩ –سەرچاوە مرۆییەکان گرنگی و بایەخەکانیان هاوشانی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیای سەردەمە.

١٠ -ستراتیژییەتی سەرچاوە مرۆییەکان گرنگە بۆ سەرکەوتنی دەزگا.